# له هەر شوێنیک ژنێک بۆ ئازادی دەجەنگێ، لەشی ئەو مەیدانی جەنگە

حوسەین خوداداد
وەرگێرانی : ع – م

بە هۆی نەبونی زانیاری گەیاندن و فێر کردنی پیویست لە بواری سکسدا، ژنان لە مەسەلەکانی خۆیان بێگانەن. کۆمەڵگا لە ژیر کاریگەریی ئیسلام و نەریتە کۆنەکان، رادەگەیەنی کە حەزە جنسییەکانی هەر ئینسانێک سەرکوت بکرێ.

شێوەی پەروەردەی ئێمە، هۆکار و موشکلەی کومەڵایەتییە. هەوسی جنسی بۆ ژنان بە گوناه دادەنرێ. ژنان لە بابەت رەحەت بونی جنسیەوە بە جۆریک راهێنراون کە مافی قسە کردن بۆ خۆیان قایل نین. سەرەکیترین هۆکارەکانی نەبونی زەوقی سکس و جنسی، هەمان بیر و باوەری دواکاوتوانەی باوی ناو کۆمەڵگایە. دەژایەتی کردنی حەزە جنسییەکانی ژنان بێ سنورە. کاریگەریەکەی لە کولتوری ئیمەدا، بە شێوەیەک ریشەی داکوتاوە کە ژنان ئامادە بە هیچ جۆرە باسێک لەم بوارەدا نین. تەنیا ریگا چارە بە تەحەمول و تاقەت هێنان دەزانن. ژنانی ئێمە لە ژن بون نەفرەت هەڵدەگرن، چونکە کۆمەڵگا بە سەرچاوەی فەساد و بەرەڵاییان دادەنێ. خەمۆکی، نیگەرانی، خۆ خواردنەوە ولە دەستدانی متمانە بە خۆ، دەبێ لە داپۆشینی سەر و جیا کردنەوەی جنسەکان لە کۆمەڵگادا ببینین.

لە ژێر ئێستبدادی دینیدا، هەر حەرەکەت و رەفتاریکی ژنانە، رەنگ و مایەی جنسی بە خۆوە دەگرێ. بەم شێوەیە پێکهاتنی ترس لە بونی جنسێک بە ناوی ژن، لە هەمو جێگایەک دەبینرێ. هەر بۆیە کونترۆڵ کردنی ژن و دیل کردنی لە کەشێک دا کە پیاوانی نامەحرەم نەتوانن دەستیان بگاتێ، بوتە یاسا و زەروری. ئەم یاسایانەش پیاوە ئیسلامیەکان بۆ خۆیانی دادەنێن، چونکە باش خۆیان دەناسن. هیچکامیان جێگای سیقەی یەکتر نین، و دەست لە ژن و کچی یەکتریش ناپارێزن. ئاخر پەیرەوی لە پێغەمبەری خۆیان دەکەن. خوای ئیسلامیش، نیوەی قورئانی بۆ رازی کردن و وڵام دانەوە بە نیازە جنسیەکانی پێغەمبەری موسوڵمانان تەرخان کردوە. ئەم یاسایانە، پیاوانی موسوڵمان لە ترسی یەکتر دایان ناوە، نەک لە ترسی ژنان. لێرەش دا بۆ تۆڵە کردنەوە لە یەکتر، وەک کورد دەڵێ: "حیز بە خاڵی خۆی فێرە"، پەلاماری ژنانی یەکتر دەدەن. کردەوە و رەفتارەکان، بە رونی ئەو راستیانە نیشان دەدەن کە هەرچەندە نیگای دواکاوتوانە لە بابەت رەوشتی ژن لە پێوەندیی جنسیدا، وە لەبەرچاو نەگرتنی حەزەکانی لەگەڵ گومان بەرەورە. بەڵام نیگای زیاتری ژنان بۆ خۆیان و دانانی خۆیان وەک ئامرازی جنسیی پیاو، لەم بارەیەوە کەم تا زۆر دەبینرێ.

ریشەی ئەم جۆرە خۆ بەحیساب هێنانەی ژنان و بەرفراوانیەکەی، بەر لە هەمو شتیک، ئەوەیە کە ئیجازە بە ژنان نادرێ تا زانیاری دەقیق و تەواو لە لەش و نیازە جنسیەکانی خۆیان بەدەست بێنن. پەروەردە و فێر کردنی چنسی، یەکێک لە زەرورەتەکانی نەسلی ئەمرۆی ئێمەیە. ژنان لە سکس لەگەڵ پیاوانی خۆیان بەتەنگ هاتون و ئەمە خۆی گرفتێکی گەورەیە کە کۆمەڵگایان توشی فەساد و گەندەڵی کردوە. وای لێهاتوە کە پیاو دەبێ نیازی جنسیی خۆی لە ژن سواڵ بکا، و ژن، بە ناچاری مل بدا.

نمونەیەکی یەک دەست بۆ خواست و حەزی جنسی وجودی نییە. ئەوەیکە پەسەند و دروستە، پێوەندییەکی بەرانبەر و دابین بونی نیازەکانی بەرانبەرە. بەڵام بە هۆی زاڵ بونی مەزهەب و کولتوری پیاوسالاری، تەنانەت مەبەستی ژن ئەوەیە کە پیاو بگا بە لەزەتی تەواو و توانای دەرکی خواستەکانی خۆی بە تەواوی لەبیر بەرێتەوە. خەمۆکیی ژن ئەوەیە کە لە کاتی نەوازش و عەشق دا، پیاوان خێرا دەیکەن بە سکس. بەداخەوە بە پێی ئەم نەریتە نا ئینسانیە، مەیلی جنسی لە پیاودا نیشانەی بە هێزی، و لە ژنان دا بە بێ ئەخلاقی دادەنرێ. لە راستیدا، جیاوازی فیزیولوژی و بیولوژی لە ئێرزای جنسیی ژن و پیاو دا هەیە و ناتوانین ئینکاری ئەم مەسەلەیە بکەین. ئەوەیکە لەم بوارەدا دەوری

زۆری هەیە، سروشتی بیولوژیی هەر کەسیکە کە لایەنی دەرونی و زەینی هەیە و پێوەندی بە تەجربەکانی خۆدی کەسەکەوە هەیە.
ژنان و کچانی ئێمە ناتوانن ئەم تەجرەبانە بەدەست بهینن. چونکە کۆمەڵگا ئیجازەیان پی نادا. بێ دەسەڵاتیی ژنان زادەی ناهوشیاری ئەوانە لە بابەت مەسەلەی هەوەس و هەستی ترسی زۆری مەوجود لە تەواوی کۆمەڵگادا، بەرانبەر بە جسمی ژن. ئایا دەزانن ئاستی ناهوشیاری و ئاگادار نەبونی ژنانی ئێمە لەم زەمینەیەدا تا چ رادەیەکە؟ ئایا دەزانین هوشیاری و فێر کردنی جنسی و سکسی لە کۆمەڵگای ئێمەدا چ جێ و شوێنێکی هەیە؟ ئەم دواییانە لە بواری مەسەلە جنسیەکاندا کۆمەڵێک کتێب نوسراوە کە کتێب فرۆشەکان ئامادە بە فرۆشتنیان نین. کتێب فرۆشەکان دەڵێن کە زۆربەی مشتەریەکان شەرم دەکەن ئەم جۆرە کتێبانە بکرن. ئەوان لە کۆمەڵگا تۆقیون. شۆرش و ئینقلابی سکس هێشتا لە رۆژهەڵات (شرق) نەکراوە. ئازادی جنسی تەنیا لە دارمان و بەرەڵاییدا باس و پێناسە دەکرێ.
بە پێی راپرسییەک لە بابەت ئاستی زانیاری و هوشیاریی جنسی، زۆرینە دانیان پێدا ناوە کە زانیاری زۆر کەم و ناتەواویان لە جنسی خۆیان هەیە. ئەم هەڵسەنگاندنە نیشانەی واقێعی کۆمەڵگای ئەمرۆی ئێمەیە. ئەوانەی راپرسییان لەگەڵ کراوە، بە زۆری خاوەنی بەڵگە نامەی خوێندنی باڵا، لیسانس و دیپلۆم بون. تەنیا لە هاو تەلەبەکانیان ئەویش بە شێوەی مەجازی و دور لە حەقیقەت زانیارییان هەبوە و بەم بۆچونەوە گەورە بون. لەسەدا 98ی خەڵک زانیاری خۆیان لە دوستانی هاو پۆل و کەلاسی خۆیان بەدسەت دێنن. تەنیا لەسەدا 2یان لە کتێب کەڵک وەر دەگرن. کەڵک وەر گرتن لە زانیاریی بنەماڵە، عەمەلی نییە. قسەکانی دایک و باوک، تەنیا لە خۆپاراستن و نەفی کردنەوەی مەسەلەکە دایە، بەتایبەت بۆ کچان. قسەکانی دایکەکان لە کاتی مارە کردن، لە راستیدا لە تەجرەبەی نادروستی ئەوانەوە سەرچاوەی گرتوە.
لە بنەماڵەدا، قسە و باس لەسەر مەسەلە جنسییەکان ناکرێ. ئەگەریش بکرێ، بە خراپ و ناپەسەند دادەنرێ. کەمتر منداڵێک هەیە کە بتوانێ باسی زەواجی کاتی لەگەڵ دایک و باوکی بکا. یەکەم تەجرەبەکانی سکس، یان ترسناکە، یان غافڵگیرانە و ناخۆشە. دایکان و باوکانی وڵاتی ئێمە، نەک هەر تەئکید و پێ لەسەر سەکوتی حەز و مەیلە جنسییەکان دادەگرن، بەڵکو بۆ خۆشیان بەکاری دەبەن. فێر کردنی سەرکوتی خواست و نیازە جنسییەکانی منداڵان، لە زۆربەی بنەماڵەکەندا، بوەتە کولتورێکی گشتی. سەرکوتی حەزە جنسییەکان بە سەرکوتی کولتوری ئیسلامی باس و بەیان دەکری. لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەستی گوناە و ترس و دڵە خورپە لە پێوەندیی جنسی، بەتایبەت لە مارە کردنی کاتیدا هەیە. دەبێ ئەوە بزانین کە لە هاوسەری وزەواجدا، دەستدرێژی و تەجاوزی زۆر روو دەدا کە بە ئاشکرا و رونی دەبینری. ئەگەر پێوەندیی جنسی لەگەڵ عەلاقە، خۆشویستن، لەزەت و ئارامشدا نەبێ، بە دەستدرێژی بە حیساب دێت. هەردوک لا، دەبێ عەلاقەیان هەبێ و وڵامەکەی نابێ سەبر و دان بە خۆدا گرتنی ژنان بێ. لە پێوەندیی جنسیدا، نیازەکانی ژن و پیاو جیاوازییان هەیە. هەر بۆیە هەردوکیان پێویستیان بە فێر بون و یەکاڵا کردنەوەی حەز و خاستە جنسیەکانیان هەیە و دەبێ شەرم بشکێنن.
یەکسانی و هاوسەنگیی پێوەندی گرنگە. پێوەندیی جنسی، شتیک نییە کە لە باڵغ بونەوە دەست پێ بکا، بەڵکو لە منداڵیەوە نیازمەندی فێر بونە. دابەش کردنی ناوەندەکانی خوێندن و کار و هتد...، یان دابرینی کچان و کوران، نەک هەر هیچ یارمەتیەک بە فێر بونی باری ئەخلاقی لەگەڵ جنسی مخالف ناکا، بەڵکو خۆی دبێتە هۆی خوڵقاندنی گیروگرفتی رۆحی و دەرونی. نیگای کاتی بۆ ئەم پێوەندییە، وڵامدەر نییە. بەم شێوەیە ئێمە نەک هەر منداڵەکانمان، بەڵکو وڵام بە خوێندکارە گەورەکانیشمان نادەینەوە. کۆمەڵگای ئێمە لە هەوەسی جنسی، تەنیا گوناە و سەرکوت فێر بوە. خۆ رەحەت کردن کە هەمان دەست پەر و ماڵین و شتیترە، بە گوناە دادەنین، وە لە کاتی نیازدا دەبێ ژورەکە خامۆش و بێدەنگ بێ. تەنانەت سەیر کردنی قوز و گونی یەکتر بە گوناە و خراپ دەزانن. پاش ساڵانێک هاوسەری، برێک شەرم و شکۆمان دشکێنین. پیاوەکان ئارەزوی ژنانێک دەکەن کە برێک حەزی جنسی لە کۆنترۆڵ دەرکەن و سەرکوت کردن کەم بکەنەوە.
لە زانستگە، ماموستاکان ئامادە نین لەم بارەیەوە باس بکەن. ئەگەریش ناراستەوخۆ ئاماژەی پێ بکەن، سور و سپی هەڵدەگەرێن. دەوری بنەماڵە لە فێر کردنی جنسیدا، دەورێکی گرنگە کە دەبێ پێی لەسەر داگیرێت. کچان ناتوانن لەگەڵ باوکیان باس بکەن. تورەیی باوکان دەبێتە هۆی بێدەنگی و سەرکوت و نەدۆزینەوەی زانیاریەکان. لەم بارێەوە، دایکان زیاتر لە باوکان تەعەسوب نیشان دەدەن. ئەمە بوەتە هۆی ئەوە کە، تەنانەت هەبونی یەک کچ لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بوەتە بەڵا و موسیبەتێک. دایکان و دایەگەورەکانمان، لە ئاوا هەلومەرجێکدا پەروەردە کراون. خۆشیان تێدەکۆشن، کچەکانیان بە هەمان شێوە تەربیەت بکرێن. هەمان شتیان پێ دەڵێن کە خۆیان فێر بون.

بەردەوام ئەیان خەنە ژێر چاوەدێری، بە بێ لەبەر چاو گرتنی ئەوەیکە سپاندنی ئەو شێوازە بەسەر هەستی جنسیی کچ و لە ژێر چاوەدێری گرتنیان، ناتەبا و نارەوایە. هەستی جنسیی کچان بوەتە تەر و وشک کردنی دایکانە. تەنیا شتێک کە ژنانی کۆمەڵگای ئێمە لیی دەزانن، بەرگرتن بە حامیلە بونە. زۆربەی ژنانی ئێمە، لە بابەت ئورگاسمی خۆیان شارەزا نین. ئەوان ئورگاسمیان تەجرەبە نەکردو و ناتوانن لەزەتی جنسی ببەن.
بەداخەوە ئەم نائاگاییە و نەفرەت لە سکس، لە هەلومەرجێک دایە کە ژن گرفتاری پێوەندیەکی زەواجی پیاوسالاری و شەرعییە. ناوەکەی بە ناپاکی دەزانێ و فێر کراوە. لە مزگەوت و زانستگە و شوێنە گشتیەکان، هیچ کەسێک ئیجازەی هێنانە گۆری باسی نەوەتراوە ژنانەکانی نییە. پاشان چلۆن دەمانەوێ وڵامی پرسیارەکانی گەنجان بدەینەوە؟ وشەی عەشق تا ئاستێک تەحەمول دەکرێ، بەڵام وشەی سکس و هەوەس بە شێوەی موتڵەق مەمنوعە. لانیکەم دەبێ بڵێین کە نامانەوێ تێبگەین نائاگایی و بێدەنگی بوەتە تان و پۆی کولتوری ئێمەیە. ئایا مەلاکان ئەتوانن لەم باسەدا بەشداری بکەن؟ دەتوانن بیر و کلیشە زەینیەکانی خۆیان وەلا نێن؟ یان لە ترسی کۆمەڵگایە کەسێک کە دەست بە ئاگا کردنەوەی کۆمەڵ دەکا، پێی بڵێن فاسد و بێ ئەخلاق؟ بەڵێ بەداخەوە وایە.
ئەم جۆرە پرسیارانەن کە ناچارمان دەکەن عەینەکە کلیشەییەکانمان لابەین و هەستە جنسیەکانی خۆمان و هاوسەرەکانمان و منالەکانمان، دوبارە پێناسە بکەینەوە. هەر ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەیکە زەینی پرسیارکەری خۆمان بۆ وڵام بەم پرسیارانە و پرسیارەکانیتر کە ئیتر لێمان ناگەرین، بخەێنە کار. بۆ نمونە:
بۆ لە کۆمەڵگادا لەبابەت مەسەلە جنسیەکانی ژن و پیاو قسە و باس ناکرێ؟
مەسەلەکانی جنسی و سکس لە ژیانی تۆدا، چەندە کاریگەر بوە؟
ئایا نیازە جنسیەکانی پیاو لەباری فیزیولوژیەوە لە ژنان زیاترە؟
بۆچی هەوەسی پیاوان لەباری فیزیولوژیەوە لە ژنان زیاترە؟
چ نیگەرانیەک لە بابەت فێر کردنی جنسیی کچان لە مێشک و زەینی تۆ دایە؟
ئایا شوێنی خوێندن و ناوەندەکانیتر دەبێ لە جنسی مخالف پاکسازی بکرێ؟
بۆچی منداڵان و ژنان هەمیشە دەکەونە بەر سەرکوتی یەک لایەنەی خواستەکانی پیاوان؟